**پڕۆژەی حەزە وردیلەییەکان** ......34



# فەلسەفەی درۆ

## جەزا چنگیانی

**پێش من تۆ م وینەها مرۆڤ لە دایك بوون و مردن..دوای مردنی من وتۆش ملوینەها دێن ودەڕۆن .جیاوازی لە نێوان بوون و نەبووندا ژیانە ~ کاتە ~ تەمەنە ~ ئێمە دەتوانین**



**ببین بەچیرۆکێکی زۆر ڕۆمانسی ڕۆمانێکی گرێاناوی ~ شانویەکی کۆمیدی بە فەنتازیا بە حیکایەت بە خەیاڵ وەلی ناتوانین ببین بە دوومرۆڤ بۆ هەتاهەتایە بژین.ئەمە یاسای سروشتە تۆ لێتێناگەیت چونکە گەنجی..ناهوشیاری مرۆڤ لەوەدایە تەمەنی بخاتە بەر تاوێری کارێك کە نرخی کات و**

بەهای ڕۆح وتامی ماچ و ژوانی پڕ حەزی ژیان بکات بە خۆڵەمێش..نازدارەکەم چاوەڕی ڕەشەبا نەکەیت نامەیەکی ئارامت بۆ بهێنێ...من دڵنیام تۆ لەدواکەوتنەکەت درۆتکرد و کەچی لە فەلسەفەی درۆش تێناگەیت هەموو مرۆڤێك پیویستی بە درۆ هەیە.بۆیە لە درۆکەت توڕە نەبووم.درۆ هەندی جار قەلغانەو دەتپارێزێ.من ئیمشەو درۆکەی تۆم بە ڕەنگاڵەی خوێندەوە نەك تەنیا ڕەش..تێگەیشتم لە پێناوی ئەم ژوانەدا درۆتکرد.درۆکەی تۆ نەك تەمەنی کاتەکەمانی هەڵنەپڕووکان ژیانی چەپکە گوڵەکەی دەستی منیشی بۆ چەند ڕۆژێك ژیان..تۆ درۆتکرد بۆ ئەوەی ئیمشەوپێکەوە گەردنی چرکەکانمان بە زەنگیانەی ووردە ماچەکان جوانکەین..پێکەوە سەرتاپا چەستەی ڕووتی یەکتری بە لێوەکانمان مەساجکەین ...تۆ درۆت کرد منیش بڕوا...درۆکەی تۆ..درۆ بوو..بڕواکەی منیش درۆ...ئەزانی بۆ؟؟چونکە هەردووکمان ویستمان بوو ئیمشەو جووتببین نەك تەنیا ..ئێمە هەردووکمان ڕاستین؟؟ چونکە دونیا خودی درۆیە.

سان پیترسبۆرگ

2006/02/06

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de